## ئەوین و بڕوا بە داهاتوو، هەوێنی تورەیێکی مەزن و پیرۆزە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، بۆیە دەبێ لە جووڵانەوەی جەماوەری ئێراندا بەشدار بین!!!

ماوەی نزیک بە هەشت مانگە کە وڵاتی ئێران چاوەدێری بزوتنەوەیێکی جەماوەرییە کە دەڕوا تا کو لە بنەڕەتەوە پایەکانی کۆماری ئیسلامی سست بکات. دیارە کە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان بووە دەرەتانێک کە خەڵکی ئێران ڕق و قینی پەنگ خواردوی زیاتر لە سێ دەیە زوڵم و سەرکوت و سوکایەتی کردن بە مروڤایەتی لە لایەن کوماری ئیسلامی هەڵبڕێژێتە دەر و دەنگی حەق خوازی خۆی دەر ببڕێت. دروست بوون و قەد وقەوارە گرتنی ئەم بزوتنەوەیە شتێ نییە کە کوتوپڕ سەری هەڵدابێت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سەرتای شورشی ساڵی 1357(1979ی زائینی) و ئەو ویست و داواکاریە دیموکراسیخوازیانەی کە خەڵکی ئێران لەو کاتەدا بووی و بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی خرایە پاڵ گوێ . ئەگەر ئێمە ئاورێک لە ڕەوتی ئەم بزوتنەوەیە بدەینەوە دوای تێپەڕ بوونی هەشت مانگ ئێستاش نەیتوانیوە جەماوەری ئێران بە گشتی بە هەموو چین و تویژ و کەمایەتیەکان و میللەتەکانیتری ناو ئێران بەرەو خۆی ڕا بکێشێت و ئێستاش لە پانتای دیالۆگی نێوان میللەتەکان بە تایبەت میللەتی کورد دوو دڵییەک دەبیندرێت کە باس لەوە دەکات کە بۆشاییێکی گەورە لە ناو ئەم بزوتنەوەدا هەیە کەتاکو ئێستاش پڕ نەبۆتەوە.

جێگای تێڕامانە ئەگەر ئێمە ئاورێک لە دەسپێکی شۆڕشی ئیسلامی ساڵی 1357( 1979ی زائینی)بدەینەوە و تیشک بخەینە سەر ئەو مێژووە خوێناویەی کە باڵی بە سەر کوردستاندا کێشا و بە فتوای خومەینی لە 28 ی خەرمانانی ساڵی 1358(1980ی زائینی) دا دەستی پێکرد و و لە سەر ئەو بنەمایە دەست کرا بە قەڵاچۆ کردنی خەڵکی کوردستان و وەها کارەساتێک قەوما و برینەکان ئەوەندە قوڵن کە ساکار سارێژ نابنەوە هەر لەو کاتانەی کە قاڕنێ و قەڵاتان قەڵاچوو کران و زیندانیە سیاسیە کوردەکانی شاری تەوریز بێ دادگایی کردن تەنها بە گوناهی کوردبوون ئیعدام دەکران ئەو کاتە کە چەمران و خەڵخاڵی بۆ زیندوو کردنەوەی ئیسلامی ئابی موحەمەدی لە تەواوی گرتووخانەکان لە کوردستان زەلکاوی خوێنیان بە جێهێشت. دیارە لەم کاتەدا و کاتێک ئەو کەسانەی کە بە "سەروکایەتی" سەوز ناویان لێ دەبرێ باس لە گواستنەوەی بارودۆخی ئێران بۆ ئەو ڕابردووە خویناویە دەکات و باس لە گەڕاندنەوەی مێژوو بۆ ساڵانی دەسەڵاتداری خومەینی دەکات جێگای سڵ کردن و بیر کردنەوەیە؟؟!! و تا ڕادەییێکی زۆر ئەو شتە بۆتە هۆی خۆ لە پەراوێز هاویشتن، بەڵام جوڵانەوەی جەماوەری خەڵکی ئێران جیا لەوەی کە ئەو لایەنەی کە بە "سەروکایەتی "ناوی لێ دەبرێ چی دەڵێت، لە ماوەی ئەم هەشت مانگەدا ڕواڵەتێکیتری بە خۆی گرتووە و هەنگاوی ناوەتە قۆناغێکیتر، دروشمەکان گۆڕاون و ئیتر لەو چوارچێوەی کە باس لە دارشتنەوەی کۆماری ئیسلامی بکات تێپەڕ بوون.

باس لەوە دەکرێت ئایا ئێمەی کورد تێکەڵ بەم بزوتنەوەیە ببین یان نا؟ ئەگەر ئێمە تەواوی ئەم جوڵانەوەیە بهێنین و لە ناو بازنەی جوڵانەوەیێک بە سەرۆکایەتی موسەوی و کەروبی وهتد.. قەتیسی بکەین دیارە هەنگاوەکان ڕواڵەتێکیتر بە خۆی دەگرێت ، بەڵام ئەو شتەی کە ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە بزوتنەوەی خەڵکی ئێران سنوورە دەستکردەکانی بەزاندووە و ڕووکارێکی ڕادیکاڵی بە خۆی گرتووە، واتە دروشمەکانی بزوتنەوەکە گۆڕاون و ئیتر لە کۆنترۆڵی دەست و پێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی کە بۆ نەجاتی ئەو کۆمارە

برێک گۆڕانیان ڕەچاو کربوو دەرچووە و ویستی بە ناو "سەرۆکایەتی" ئەو بزوتنەوەیە ناتوانی باڵ بە سەر تەواوی جوڵانەوەی خەڵکی ئێراندا بکێشێت تەنانەت ئەگەر ئێمە باسی میللەتەکانی لێ هەڵاوێرین "سەرۆکایەتی" ئەم بزوتنەوەیە هەر لە سەرتادا بە گوتنی ئەو دروشمەی کە دەبێ وڵات بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی ماڤی نیوەی کۆمەڵگا واتە ژنان دەخاتە ژێر پێ. کاتێ کە باس لە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی دەکرێت و باس لەوەی کە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ئەو قۆناغە بێگومان ئەم واقیحە بۆ ژنانیش دەسپێکی ڕەشترین ڕوژانێک بوو کە بوونی ئەوان وەک مرۆڤ و هاوشارییێک بە ماڤی بەرانبەر خرایە ژێر پرسیار ، ئەوەی کە ژن ببێتە سوتەمەنی و بەکار بهێندرێ و ماڤی دابین کردنی چارەنووسی خۆی نەبێت ، ئەوەی کە ژن تەنیا ئامرازێکە بۆ دابین کردنی کۆمەڵگای پیاوسالاری ئیسلامی و بە دروست کردنی سەدان یاسا و ریسای زەمینی و ئاسمانی سەرەتاییترین ماڤەکانی ژیانی ئینسانیکی ئازاد لەوان زەوت کرا جگە لە قول کردنەوە و وەژان هێنانی ناسۆرەکان هیچ شتێکیتر وەبیر ناهێنێتەوە و یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گەورەکانی ئەم بزوتنەوەیە ئەوەیە کە ژنان لە سەفی هەوەڵی ئەم بزوتنەوەیدان و بۆ وەرگرتنەوەی سەرەتاییترین ماڤەکانی ئینسانی خۆیان قوربانی ئەدەن و بە هیچ جۆرێ ڕازی نابن بچنەوە ژێر دەسەڵاتێکیتر چەشنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.

قەیرانی سیاسی هێزە کوردییەکان و لاواز بوونی حیزب و گروپە کوردییەکان و پێک نەهاتن لە سەر چوارچێوەییێکی داڕێژراو و یەکگرتوو لە سەر ڕۆڵ و دەوری میلەتی کورد لە مەر بەرژەوەندییەکانی ئەم میللەتە واتە نەبوونی هێزێکی کوردستانی بە هێز لەم کاتە ناسکەدا سەرلێشێواوی دروست کردووە ونەبوون و خۆ لە پەراوێز هاویشتن لەم کاتە مێژوویەدا بە دەیان بیانووی جۆراجۆر جگە لە زەرەر و زیان بۆ گەلی کورد هیچ دەرئەنجامێکیتری لێ ناکەوێتەوە. لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا ئەمە هەوەڵین جارە کە هەلێک خولقاوە کە بە لێقۆزینەوە و تێڕامان و توێژینەوەی دروست، دەکرێ خویندنەوەیێکی بۆ بکرێت کە لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆمان کەڵکی لێوەرگرین. کەش و هەوای ئێران ئاوسی گۆڕانە و ئێمەش وەک گەلی کورد دەبێت نەک شوێن کەسێکی دیکە کەوین، بەڵکو بە بەرنامە و دروشم و ئاڵای خۆمان بێنە مەیدان و لە پێناو بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان تێبکۆشین، هیچ بڕ و بیانوو و پاساوێک نەبوونی ئێمە وەک میللەت لەم کاتە ناسکەدا ناتوانێ بە راستەقینە بقەبڵێنێ.

بزوتنەوەی گەلی کورد شتێک نییە کە لە گەڵ بزوتنەوەی سەوز دەستی پێ کردبێت کە ئێستا ئێمە تێڕوانینی ئەوەی بۆ بکەین کە نامانهەوێ شوین ئەم شەپۆلە بکەوین ئەو شتانەی کە ئیستا بزوتنەوەی جەماوەری ئێران داوای دەکات هەر لە سەرەتای دەسپێکی دامەزرانی کۆماری ئیسلامیەوە تەنانەت لە کاتێکدا کە سەرکوت و لێدان و کوشتن و بڕین گەشتبووە تروپک و بە پەیامێکی جەهادی خومەینی زیاتر لە نیوەی چەک بەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەربەرەکانێ ڕژانە کوردستان ئێمە داواکاری بووین و خوینمان بۆ ڕشتووە و بە دەگمەن ماڵێک دەبینرێتەوە کە ڕۆڵەیێکی لە دەست نەدابێت و ژمارەی ئەو دایکانەی کە تەرمی کەسوکار و ڕۆڵەکانیان ئامێز نەگرتبێ لەوانەیە لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێ نەپەڕێت ، هەر بۆیە دەبێ هەموو ئەم شتانە ببنە هۆی ئەوەی کە ئێستاکە کە تەوری سەرکوتی ساڵانی1358 (1980ی زائینی) لە کوردستان خەریکە دەسکی خۆی دەبڕێتەوە ئێمەش بۆ مسۆگەرکردنی ئاواتی تەواوی ڕۆڵە کوژراوەکانمان و بۆ دابین کردنی ئاسۆیێکی گەش و ڕووناک بۆ میللەتەکەمان بە بەرنامە و پلانی گونجاو ئەم هەلە مێژووییە کە دەسەڵات لاوازتر بووە بقۆزینەوە و بێینە مەیدان و لە گۆڕەپانی بەربەرکانێ و شەری دەسەڵات و پەلەقاژە بۆ نەجات دانی کۆماری

ئیسلامی سەردەمی خومەینی لایەنی تەرازووی ئەم کێشەیە بەرەو پێکهێنانی دەسەڵاتێکی سیکولار و دیموکرات کە ماڤی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگا واتە ماڤی هەموو میللەتەکان و ژنان و پیاوان و کەمایەتیە مەزهەبیەکانی وەک یەک تیا پارێزراوە قورستر بکەین و قەتیس کردنەوەی بزوتنەوەی جەماوەری خەڵکی ئێران لە ژێر ناوی سەرۆکایەتی کەسانێک وەک موسەوی و کەروبی وهتد.. تەنها بازنەی ڕمبازێن و جووڵەی ئێمە لە گۆڕەپانی ئەم خەباتەدا تەنگ و تەسک دەکاتەوە. بە قوڵ بوونەوە و دیتنی ئەو واقیعە، ئەوەی کە ویستەکان و دروشمەکانی بزوتنەوەی خەڵکی ئێران ڕواڵەتێکیتری بە خۆی گرتووە و ئەو سنوورە دروست کراوانەی بەزاندووە و بەرەو ئامانجی پێکهێنانی حکومەتێکی سیکولار و دیموکرات دەڕوا، ئێمە دەبێ لە ناو جوڵانەوەی گشتی ئێراندا لەم کاتەدا کە چارەنووس دیاری دەکرێت و لەم کاتەدا کە ئەگەری لە ناوچوونی ئەو ڕژیمە زۆر بە قووەتە ببین ئەک ئەوی کە پاشکۆ و چاوەڕوان بین تاکو سبەی لە ژێر سێبەری ئەم جوڵانەوەیە دەسکەوتێکمان هەبێت بێگومان ئەگەر ئاکتیو وچالاک نەبین و بە تاییەتمەندییەکانی خۆمان وەک میللەتی کورد و بە دروشم و ئاڵا و ویستی میللی خۆمان و داواکاری و هەوڵ بۆ سەندنی ماڤی ڕەوای میللەتەکەمان بەشدار نەبین و چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە بزانین ئەم جوڵانەوەیە بە چ لایکدا دەبڕێتەوە، دۆڕاوین وئاواتی هەموو ئەو قوربانیانەی کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی داومانە دەفەوتێنین. .

بۆ دەستەبەر کردنی ئاسۆیێکی گەش و ڕووناک،بۆ دەستەبەر کردنی بەرژەوەندیەکانی میللی و سیاسی گەلەکەمان دەبی ژنان و پیاوانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا قۆڵ هەڵ ماڵن،ئەم کێشەیە یەکیک لەو کێشە بنچینەیانەیە کە تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگا بە ژن و پیاو دەگرێتەوە، کێشەیێکە کە تەنها بە حیزب و گروپە سیاسیەکان کە چوارچێوەیێکی داڕژاوی تایبەت بە خۆیان هەیە چارەسەر ناکرێت جا لێرەدا پێوستیەکانی ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەم بارودۆخە ناسک و مێژوویە تیشک دەخاتە سەر گرینگی ڕۆڵی ژنان و پیاوانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا بۆ پێکهێنانی کەرەسەی پێوست بۆ گۆڕانکاری، بۆ دۆزینەوەی سیستەمێکی نوێ کە بەدوورە لە چوار چێوەیێکی تایبەت و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد ڕەچاو دەگرێت.

06.02.2010

سەنتەری ژنانی کورد لە کۆڵن- ئاڵمانیا

Center der kurdischen Frauen in Köln
e. V